پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- زۆرجار دەیووت: «يَا مُقَلِّبَ القُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت-دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- زۆرجار دەیووت: «يَا مُقَلِّبَ القُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ»، واتە: «ئەی ئەو زاتەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە دڵم جێگیر بکە لە سەر ئایینەکەت»، منیش ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، باوەڕمان بە تۆ هێنا وبە ئەوەی تۆ هێناوتە، ئایا لەسەر ئێمە دەترسیت؟ فەرمووی: «بەڵێ، دڵەکان لە نێوان دوو پەنجەن لە پەنجەکانی اللە ئەویش هەڵیاندەگێڕێتەوە بە ویستی خۆی».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

زۆرترین نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بریتی بوو لە داواکردن لە خوای گەورە بۆئەوەی جێگیر ودامەزراوی بکات لەسەر ئاین وپەرستن، ودوور بکەوێتەوە لە لادان وگومڕایی، ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- پێی سەیر بوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر ئەم نزایە دەکات، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە دڵەکان لە نێوان دوو پەنجەن لە پەنجەکانی اللە بەو شێوەیەی بیەوێت هەڵیان دەگێڕێتەوە، دڵ شوێنی ئیمان وکوفرە، ودڵ لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت: (قلب) کە لە زمانەوانیدا بەواتای (هەڵگێڕانەوە) دێت، چونکە زۆر هەڵدەگەڕێتەوە لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، ودڵی نەوەی ئادەم هەڵگێڕانەوەی زیاترە لە هەڵگێڕانەوەی ئاو لە ناو مەنجەڵدا کاتێك دەکوڵێت، بۆیە ئەوەی خودا بیەوێت ؛ دڵی دادەمەزرێنێت لەسەر هیدایەت وجێگیری دەکات لەسەر ئاین، وئەوەی بیەوێت دڵی دوور دەخاتەوە لە هیدایەت وبەرەو لادان وگومڕایی دەڕوات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3142